# تیرۆری كۆمەڵایەتی و حاكم !

سەلام عەبدوڵلا

لە ئێوارەی رۆژی2006/5/5، لە شاری كەلار، گەڕەكی شەهیدان، كەسێك بەناوی(عومەر ئەحمەد ساڵح)





هاوسەرەكەی( پەخشان ئەحمەد مەحەمەد، لەدایكبووی1975)، و باوكی(ئەحمەد مەحەمەد عەلی، تەمەن104ساڵ) دەكوژێ و دایكی هاوسەرەكەی(حەلاو فەتاح عەبد ئەحمەد، لەدایكبووی1927)و هاوسێیەكیان بەناوی(رەقییە مەحەمەد كەریم) بریندار دەكات.

پێش ئەوەی(عومەر ئەحمەد) كۆمەڵكوژییەكەی رۆژی 2006/5/5 ئەنجام بدات، لە كاتی جیاجیادا چەندین كارەسات و تاوان ئەنجام داوە:

1-لە ئەڵمانیا(شاری موینشن)، بە هۆی زەوتكردنی كچێك، لەلایەن پۆلیسی ئەو شارە دەستگیركراوە و دادگای لەسەر بووە، بۆیە وڵاتەكەی بەجێهێشتووە و بۆ كوردستان گەڕاوەتەوە.

2- بە كلاشینكۆف پەلاماری ماڵی خاڵی خۆیی داوەو هەزارو سەد دۆلاری لێیان سەندووە.

3- بە گازگرتن پەنجەی باوكی خۆیی قرتاندووە.

4- بە بلۆك لە براكەی(مامۆستا شەماڵ)، داوە.

5- بە فیشك هاوسەرەكەی بریندارکردووە و هەڕەشەی كوشتنی دایك و باوكی لێ كردووە وناچاری كردووە بەوەی بڵێ((بەر گولەی وێڵ كەوتووم)).

6- بە چەقۆ هاوسەرەكەی بریندار كردوە.

7- بە فیشەك خۆیی بریندار كردووە و وای راگەیاندووە كە برای هاوسەرەكەی تەقەی لێكردووە و بەم هۆیەوە برای هاوسەرەكەی 5رۆژ زیندانی كراوە، بەڵام پاشان دانی پێناوە كە خۆی ئەو كارەی كردووە، بەڵام **<u>بە كەفالەت</u>** ئازادكراوە.

8- هەڕەشەی كوشتنی كردووە لە خوشكەزای هاوسەرەكەی كە تەمەنی 14ساڵە.

9- پەلاماری باوكی داوە **<u>و ناسیاوێكی بووە بە كەفیلی و ئازادكراوە</u>**.

10- شەڕی لەگەل كەسێك كردووە و **<u>باوكی بووە بە كەفیلی</u>** و ئازادكراوە.

پاش ئەم هەموو دەستدرێژی و تاوانكارییە، ناوبراو تاوانەكەی رۆژی 5/5/ 2006 ئەنجامداوە.

شایانی باسە كە ئاسایشی كەلار ئاگای لە نیازی تاوانبار بووە، بۆیە لە 2006/5/4 مەفرەزەیەكیان دەركردووە و چاودێری ماڵەكەیان كردوە، بەڵام بەداخەوە بۆ رۆژی داهاتوو، درێژەیان نەداوە بە چاودێریكردنی تاوانبارو ماڵی قوربانییەكان.

هەروا لە رۆژی تاوانەکەدا، هەڵمەت ئەحمەد کە برای تاوانبارەکەیە و یەکێکە لە پۆلیسی پاراستنی بەرێز جێگری قائیمقامی دەربەندیخان، لە رۆژی تاوانەکە، لە کارەکەی دەرکراوە. ئەوەی بە زەقی بەرچاودەکەوێت و شوێنی سەرسوورمانە و پرسیار دەوروژێنێ ئەمەیە: ئایا بەرێز حاکم حوسێن ئاگای لە تاوانە یەك لەدوا یەکەکانی تاوانبارەکە بووە؟ بۆچی زیاتر لە جارو دوو جار، بە کەفالەت تاوانبارەکەی ئازادکردووە؟ کەسێك پێشینەیەکی ئەوەندە ترسناکی هەبێ، بە هیچ شێوەیەك نابێ بەرەڵا بکرێت، چونکە ئەم جۆرە کەسانەن مەترسییەکی جیدی پێکدەهێنێت لەسەر کۆمەڵگا و دادگا ئەرکی ئەوەیە، کۆمەڵگا لەو جۆرە کەسانە بپارێزێت.

سەلام عەبدوڵلا